# ڕێکاری نووسینی سکریپتی فلم

**نووسینی: سان ساراڤان**

**بەشی یەکەم:**




گرنگە بە پێکهاتەکانی نووسینی سکریپت ئاشنا بین و هەموو ئەو کەرەسەو ڕێچکانە بگرینە بەر کە سینەمای جیهانی بەرهەمی هێناون، بەتایبەتی لەم هەرێمەی ئێمەدا کە کەلێنێکی گەورە هەیە لە نوسینی سکریپت و زۆرینەی کارە بەرهەمهێنراوەکان گیرۆدەی هەبوون و دارشتنەوەی سکریپتێکی تۆکمەن، کە هەموو پرنسیپەکانی نووسینی سکریپتی تێدا بەرجەستە بووبێت، لەبەر ئەم هۆیانە دەمەوێت میکانیزمی نوسینی سکریپت و توخمە سەرەکییەکانی تێدا بخەمەڕوو.

زۆر گرنگیشە تیشك بخەینە سەر ئەوەی نوسەری سکریپت ئازادە بەچ ئاڕاستەیەك کاردەکات، بەڵام هەمیشە دەبێت بگەڕێتەوە سەر ئەم کەرەسانەو ئەو میکانیزمانەی کە لێرەدا باسی لێوە دەکەم، هەموو ئەم کەرەسانە کەم تا زۆر لە سکریپتەکاندا دەبێت پەیڕەوبکرێت، من تەنها نوسینی سینەمای ئێکسپریمنتاڵی لێ دەردەکەم، کەئەویش هەموو ئازادیەکت دەبێت و ڕەنگە هیچ هەل و مەرجێك لەم کەرەسانە نەگرێتەخۆ، هەڵبەتە من زیاتر باسی سینەمای فیکشن دەکەم بە هەموو جۆرەکانییەوە تەنانەت ئەو سینەمایەی کە شوناسی رۆژهەڵاتیشی هەڵگرتووە سەرەڕای جیاوازی کۆمەڵایەتی و کەلتووری.

هیچ بیرۆکەیەکی سینەمایی بەبێ بوونی پاڵەوان نابێت، تەنانەت ئەگەر پاڵەوانەکە ئاژەڵیش بێت هەربۆیە دەبێت بیرۆکە وکارەکتەرو پاڵەوانەکان بەهەماهەنگی بنیات بنرێێن.. چەند خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت لەسەرەتای نووسیندا خۆتت تێدا یەکلاکردبێتەوە کە ئەم ڕێکارە سەرەتاییەنەن:

- هەمیشە پێش هەموو شتێك ئەو جیهانە هەڵبژێرە و دەستنیشانی بکە کە کارکتەری پاڵەوانەکەتی تێدا دەژی ، لەچ ژینگەیەکە و بارودۆخێکدا دەژین خۆیان کێن و دەورەبەریان کێیەو چی دەکەن. نموونە زۆرن کە گوزارشت لەم خاڵە بکات، کەسێک لە سرووشتدا دەژی و دەرووبەرەکە بریتیە لە سرووشت و ڕەنگە ئاژەڵ و سەختی وەرزەکان. یان کەسێک لە جەنگدایە و دەرووبەر و بارووددۆخی جەنگ دەووری داوە. یان کەسێک لە لە شارێکی پڕ ئاژەووە گەرەکیکی میللی و هەژار نشینە.

- کارەکتەری پاڵەوان کێیە!؟، چی دەوێت و ئامانجی چییە، دەیەوێت بەرەوکوێ هەنگاو بنێت. کە ئەمەش لە سەرەتای فلمەوە دەست پێدەکات و بە نێوەندێکدا دەڕوات و کۆتای بە ئامانجەکەی دێت. لە هەندێک فلمدا ئەم ئامانجە دەشێت سادە بێت و تەنها گووزەرانی ژیانێکی ئاسایی بە لام دەکرێت ئامانجەکەی زۆر سانا بێت. یان کەسێکی بێکارەو بە دوای کارێکدا دەگەڕێت بە شکۆمەندی بیکات و خۆی لە کێشەکان بە دوور بگرێت، یان ئامانجی پاڵەوانێک ئەوەیە لە کێشە دەروونییەکانی ڕزگاری ببێت....شەرت نییە هەموو جارێک ئامانجەکە ئەرێنی بێت یان پاڵەوان پێی بگات، زۆرجار پاڵەوان ناگەتە ئامانج بەڵام ڕیبازەکەی دەبێتە کۆتا ئامانج، وەک ئەوەی لە فلمی عومەر مووختار لە کۆتاییدا دەکوژرێت و بە شیوەیەکی ڕەمزی چاویلکەکەی دەبێتە ڕەمز بۆ گەلەکەی.
- هاوسۆزی بۆ کارەکتەرەکەت دروست بکە، لێرەدا هاوسۆزی بەزەیی نیە، بەواتایەکی تر هەموو جارێك خۆت بخەیتە شوێنی ئەو وەك بە ئینگلیزی دەوترێت خۆت بخەرە پێڵاوی کارەکتەرەکەتەوە بۆ ئەوەی بزانیت ئەوەی بەسەر ئەودا دێت بەسەر تۆدا بهاتایە چیت دەکرد و چۆن ژیاننت دەگووزەران. ئاشکرایە هاوسۆزی دروستکردن لە رێگەی دوو هۆکار دروست دەبێت :

یەکەم : دروستکردنی دۆخی نالەبار بۆ پاڵەوانەکەت.

دووەم: فێربوون لەو نالەبارییە..

ئەمە وادەکات کە خوێنەری سکریپتەکەت هاوسۆز بێت لەگەڵ پاڵەوانەکەدا.. خوێنەر خۆی ڕووبەڕووی ئەو پرسیارە ناڕاستەوخۆیە دەبێتەوە گەرمن لە شوێنی ئەوبم چی دەکەم...

ئەمەش بە قووڵبوونەوەی تەنگژە و کێشەی نەخوازراو دێت کە پاڵەوان ڕووبەڕووی دەبێتەوە لە هەمان کاتدا و لە چەند لایەکەوە ، یان دوا بە دوای یەکتر دێن و پاڵەوان پیایدا بە سەختی تێدەپەڕێت. وەک لە فلمی پیرەمێرد و زەریادا، پیرەمێرد لە ناو چەقی زەریادا وەستاوەو خۆی شەکەتەو بارانیش دەبارێت خەریکە بەلەمەکەی پڕدەبێت لە ئاو سەرەڕای ئەوە نەهەنگیش شاڵاوی بۆ دەهێنێت...ئەوەی ئێمەو پیرەمێرد لێی فیردەبین هیواو ئارامیی و بەرگەگرتنی ناخۆشییە.

- **قەتیسبوون و دروستکردنی گرێ کوێرەیەك کەبەئاسانی نەکرێتەوە**، بەواتا ئەگەیتە شوێنێکی داخراو و هیچ رێگەیەك یان پەنجەرەیەك نامێنێت کە بتوانیت خۆتی تیا دەرباز بکەیت، هیچ بژاردەیەکت نامێنێت کە بیگریتەبەر.
- **هەڵپێچانەوە و هەڵگەڕانەوەی شتەکان**.. زۆرگرنگە ئەم توخمە کاری لەسەر بکرێت وەك ئەوەی دارێکی ئەفسووناوی لە ژورە تاریکەدا بدۆزیتەوە و دەرگاکانت بۆ واڵا بکات، کەم تا زۆر

بەپێی چیرۆکی فیلمەکەت بەکارهێنانی هەڵپێچانەوە و هەڵگەڕانەوە دووبارە و سێ بارە دەبێتەوە، ئەمەیش بەپێی هەڵوێست و ئەو بارودۆخەیە کە پاڵەوانەکەت پێیدا تێپەڕ دەبێت.
هەر کێشـــەیەکی بچووک یان گەورە کاتێک ڕووبەڕوی پاڵەوانەکە دەبێتەوە ئەگەر لەگەڵ کەسێدا بێت یان ڕواڵەتی سرووشـتی (نموونەی بڕینی دەریایەکی بەسـتەڵەکی)بێت یان شـتێک بێت ( نمووەنە:وەک زانایەک لە تاقیگەیەکدا کار دەکات و کێشـــەی لە گەڵ چەند مادەیەکی کیمیاییدا هەیە لە گەیشــتن بە دۆزینەوی چارەســەر بۆ ڤایرۆســێکی کووشــندە) . بە کرداری دەگاتە ترۆپکی ململانێ و شـڵەژان بەرهەم ئەهێنێت واتە دەگاتە خاڵێکی بەرز لە کلایماکس، لە دوایدا کێشــەکە هەڵدەگەڕێتەوە و هەڵپێچانەوە درووســت دەکات، ڕەنگە دەرئەنجام بگەیتە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەکان و دەرمانی ئەو ڤایرۆسە بدۆزیتەوە ،جا ئەگەر بە کاتی بێت و کێشـــەی تر تێدا ســـەرهەڵنەدات یان بە هەمیشـــەیی بێت و کێشـــەکە بنبڕ ببێت، مەرجە پیشاندانی هەموو ئەمانە بە کردار بێت.

- یەکێکی تر لە ڕێکارە ســـەرەتاییەکان **کەڵەکەبوون** و هەڵچنینی هەموو ئەو کێشـــانەیە کە پاڵەوان ڕووبەرووی دەبێتەوە.. هێشـــتا پاڵەوان کە لە گرفتێك دەربازی نەبووە، کەچی گرفتی دووەم و سێ هەم و چوارەم بەسەریدا دەبارێت.
- **دروســـتکردنی هێڵی دووەم** یان هێڵی باکگراوند بۆ ئەوەی پیشـــانی بدەیت پاڵنەرەکانی کارەکتەر چین و چ هۆکارێکن.. ئەمیش زۆربەی کات لە فیلمە رۆژئاواییەکاندا لەســـەرەتای فیلمەکەدا پیشـــان دەدرێت و زانیاری بەخش دەبێت بۆ خوێنەر کە بزانین بەگشـــتی چی دەگوزرێـت. هێڵی دووەم زۆر گرنگە بۆ شـــیکردنەوەی بـارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕامیـاری و ئابووری و دەروونی کە چواردەووری کارەکتەری ســـەرەکی گرتووە و ســـیاقی ســـکریپتەکەت پێکدێنێت.
- **هێڵکاری و پلانت بۆ پاڵـەوان هـەبێت،** لـەڕووی تـەکنیکییـەوە دەبێت لـەســـەرەتـای سـکریپتەکەوە یان لە ١٠ دەقەی یەکەمی سکریپتەکەوە پلانی سـەرەتایی و هێڵکاری ئاراسـتەی کارەکتەرەکەت بزانیت. وە هێڵکارییەکت لە بەردەسـتی خۆتدا هەتبێت و هەنگاو بە هەنگاو لە سکریپتەکەتدا دایبڕێژیتەوە.
- **تارمایی یان تارماییەکان دەبێت ئاشـــکرا بێت**..هەمیشـــە لەکاری درامی دا بە هەموو جۆرەکانیەوە دەبێت ئەم خەســـڵەتە کاریگەر بێت، کەئەمەش دەکرێت هۆکارێکی رابردوو بێت کە هەمیشـە کارەکتەری سـەرەکی دەیەوێت بەسـەریدا زاڵ بێت بۆ ئەوەی بگاتە ئامانجەکانی.. نابێت ئەم تارامایيە بەخێرایی ولەماوەیەکی کورتی سکریپتەکەت بگاتە ئەنجام. بۆیە گەورەترین هەڵە ئەوەیە کە بەخێرایی لەم تارمایە رزگارت بێت یان بەئازار نەبێت بۆ پاڵەوانەکەت. وەک هەژاری و بێکەسی و جەنگ .......

تا ئێستا ئێمە باسی پرۆسەی نووسین دەکەین نەك بەرهەمهێنان و چارەسەرکردنی دەرهێنان ، بۆیە بۆ ئەم توخمە پێویستە بەباشی لە سکریپتەدا ڕەنگبداتەوە .ڕەنگە هەموو ئەم تووخمانە زۆر بە سادەیی و کردەی بچووک گووزارشتیان لیَ بکرێت.

- **مۆتەکەو کابووس کە پاڵەوان هەڵگرێتی..**

بۆ زیاتر قوڵبوونەوە لە دنیای ناوەکی و دەرەکی پاڵەوان واپێویست دەکات ئاگامان لەو ترسە هەبێت کە پاڵەوان هەڵگرێتی، ئەکرێت کەسێك یاخود شتێك بێت یان پێکهاتە سروشتی بێت کەلە پاڵەواندا لەم سێ رێگایەدا دەردەکەوێت:

- جەستەیی وەك نەخۆشی و تەندروستی و ژیان.
- کۆمەڵایەتی و پێگەی کۆمەڵایەتی و گرفتەکان.. خێزان و کۆمەڵ و کۆمەڵگا لەخۆ دەگرێت.
- دوا هۆکار دەروننیە کەئەمیش زۆرن وەك زۆرلێکردن بۆ گۆڕینی بیروباوەڕ و تەنگەژەی دەروونی و ترس لە شتێک بێت.

- **پێشبینیکردنی ئاراستەی ڕووداو:** لێهاتوویی سکریپتنووس لەوەدایە کە بتوانێت دەرفەت برەخسێنێت بۆخوێنەری فیلمەکە کە پێشبینی کۆتایی فیلمەکە بکات ، ئەمەش لە ڕێگەی دیمەنێکی بچوك دەبێت لەسەرەتاکانی سکریپتەکەدا بۆئەوەی پێشانی بدەیت و دەرفەت برەخسێنیت کە خوێنەر تەوەقوعی شتەکان بکات تا زیاتر تێکەڵی ڕووداو و هێڵە درامیەکەت ببێت و ئاوێتەی ببن... لەگەڵ مۆتەکە و کابوسی پاڵەوانەکە کارلێك بکات زیاتر. (وەک ئەوەی لە فلمی ساتێک بۆ مەستی ئەسپەکان، لە دیمەنێکی بچووکدا منداڵەکان بە دوای کاردا وێڵن و برسێتی و سەرما تەنگی پێ هەڵچنیوون و کەسانی هەلپەرست ئەم دەرفەتە دەقۆزنەوە و ژیانی منداڵانی پێ تاڵ ئەکەن)
- **ڕەنگدانەوە و ئاوێنەدانەوە** کە مەبەستمان ئەوەیە کارەکتەرێکی لاوەکی ڕەنگدانەوەی پاڵەوانەکەی لەسەر بنەخشێت و ئاوێنەکردنەوە و لاسایی پاڵەوان و بەهاکانی بکاتەوە ، ئەویش لەڕیگەی کردەی جەستەیی و فیزیکی دەبێت یان دایەلۆگ.. ئەم کارەکتەرە لاوەکیە هەڵدەستێت بەلاساییکردنەوەو هەڵگرتنەوەی شوێن پێی پاڵەوان، کە ئەنجامەکەی کاردارنەوەی دروونی دەبێت بۆ کارەکتەری پاڵەوان یان زۆرجار ئەم کارەکتەرە لاوەکیە ئەیەوێت وەك پاڵەوانەکە بێت بەڵام ناتوانێت وەك ئەو کاردانەوەی هەبێت.

وەك پێشتر ئاماژەم بۆکرد ئەو پێکهاتانەی سەرەوە سەرەتاییترین هەنگاون لەپێناو دروستکردن و نووسینی سکریپتی فلم دا کە ئەشێت بەپێی بابەتەکەیان بیرۆکەکە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت جا گەر هەرجۆرێك بێت لە فلمی فیکشن. ئەکرێت لە فلمێکدا بەکەمترین ڕێژە ئەمانەی تیا بەکار بهێنرێت.

هەندێك پێكهاتەو توخم هەن لە نووسـینی سـكریپت دا كە دەبنە ناواخن و كەرەسـەی پەیوەندی ناو پێكهاتەكانی تری نووسینی سكریپت، كەئەمانەش دەكرێت بەكار بهێنرێت بەپێی بیروباوەڕو جۆری فلم و رووداوەكان، ئەم كەرەسـە نێوەندیانە دەشـێت ببێتە داینامیك و باڵابوونی هێڵی درامی ناو چیرۆك .

- **پێچاوپێچ بوون و گەڕانەوە و لەمپەرو بەدبەختی** ئەمانە هەمووی كەرەسـەن كە دەكرێت جێگای بكرێتەوە لە سـكریپتدا. بینەر یان خوێنەر دەبێت بوارێكی هەبێت بەوەی چی روودەدات، واتە بوار بدە بەبینەر پێشـبینی و خەملاندن بكات بۆهەنگاوی داهاتوو كە ئەمەش سەرنجی زیاتر دروست دەكات بۆ چیرۆكەكەت.
- **پێشـبینیكردن ئاسـان بكە بۆ بینەرەكەت** ، با زۆر ئاسـانیش نەبێت ، چونكەگەر ئاسان بێت هێڵی درامی فلمەكەت دائەتەپێت، بوونی دەرفەتی پێشـبینی كەرەسـەیەكی گرنگە لە تەبا بوون لەگەڵ هێڵە درامیەكەت.
- **ڕیكەوت،** كەئەمەش وەك توخمێك بەكاربهێنرێت بەشـێوەیەكی گونجاو وچنراو، دەكرێت یەك تا دووجار لەم توخمە بەكاربهێنرێت بەڵام گەر زۆرتربوو ئەوا ڕەنگە ببێتە هۆی داپچرانی بینەرو خوێنەری سكریپتەكەت. زۆرینەی فلمە باووەكانی بۆلیوود ئەم كەرەسەیە بە شێوەیەكی زیادەڕۆیی تیا بەكار ئەهێنرێت.
- **غەمگینی وتاریكی** ، كەرەسـەیەكی نێوەندیە كەوا لەپاڵەوانەكەت دەكات دوور بكەوێتەوە لەئامانجەكانی كە هەمیشە هەوڵدەدات لێی دەربچێت و بوەستێت بەڵام ڕەنگە سەخت بێت ، بەتەواو بوون و زاڵبوون بە سـەر غەمگینی وتاریكی ڕەنگە ببێتە كۆتایی هێڵەكەت، بۆیە تا دواساتەكانی سكریپتەكەت دەبێت بەردەوام بێت و ببێتە هاندەر بۆ بەردەوامی كارەكتەرەكەت لە پێكانی ئامانجەكەیدا. بەكارهێنانی بەپێی چیرۆكەكەدەگۆرێت . زۆر سـكریپت هەیە پاڵەوان دەگاتە ئامانج وكۆتاییەكی تراژیدی و تاریك لەخۆ دەگرێت.
- **كۆتایی سـكریپتەكەت یان فیلمەكەت**.. چەند جار فلمت بینوە وكۆتاییەكەیت بەدڵ نەبووە؟ هەڵەبەتە زۆرجار.. یان هەندێ جار تەكنیكی كۆتایی پێهێنانی فیلمەكەت بەدڵ نییە لەبەر ئەوەی كێشەكە زۆر گەورەیە و دەگوزەرێت لە سەرەتا و ناوەندی سكریپتەكەت بەڵام گەیشـتن بە كۆتایی زۆر كەمووكووڕتی تێدایە ، بۆیە دەبێت كۆتایی سـكریپتەكەت بەشـێوەیەكی زنجیرەیی بڕوات ، ئاگات لە هەموو ئەو دیمەنانە بێت كە دەیگوزەرێنیت لەسەرەتاو ناوەڕاستدا..

## پێكهاتەی سكریپتەكەت لەكارەكتەرو ڕەشنوس(وەسفی دیمەنەكان)و دیالۆگ پێك دێت

سەرەتا دەمەوێت بچمە سەر چەند رێسایەكی دروستكردنی كارەكتەر لە سكریپتدا كەئەویش ئەمانەن:

- ئامانجی ســـەرەکی پاڵەوانەکەت.. ئایا پاڵەوانەکەت ئامانجی چییە ؟ ســـەرەڕای ســـەرجەم بەربەســـت و بارودۆخەکان دەیەوێت بگاتە چ ئامانجێك ، ئەمە گرنگترین خاڵە بۆ کارەکتەری پاڵەوان دیاربکرێت.

- پێداویســـتییە ناوەکییەکانی پاڵەوان دەبێتە بەربەرســـت بۆئەوەی نەگاتە ئامانجەکانی، هەڵبەت ئەمانەیش خۆیان دەبنە گرفتی لاوەکی لە ســـکریپتەکە. نموونە پیداویســـتی ناوەکییەکان زۆرن ( خۆزگەیەك کە ئەبینرێت یان هۆگربوونێک، ناسینەوەو تێگەیشتن، دڵنیایی و دەستبەرداربوون، خۆشەویستی، هەستکردن بەژین ، هەستی گەشەکردن و برەودان...هتد)

- پلانی کارەکتەرە پاڵەوانەکە.. کەئەمەش دەبێت زۆر ڕوون بێت بۆنووســـەری ســـکریپتەکە، پلانەکانی چیین ســـەرەڕای گرفت و لەمپەرو نەهامەتی و کێشـــە ناوەکییەکانی پاڵەوان، ئەگەر پاڵەوانەکە واز لە ئامانجەکانی بهێنێت، ئەوا هەموو شـــتێك کۆتایی دێت و دادەچێت.. ڕەنگە هەندێك جار بتەوێت کە پلانەکە بگۆڕێت ، ئەمەش پێدەچێت ئاســـانتر بێت بەڵام دەبێت ئەمەش بینای بۆ بکرێتەوە سەر لە نوێ.

- مۆتیف و خواستەکان: کە دەکرێت ئەمەش دووبەش لەخۆ بگرێت کە:

مۆتیف و پاڵنەرە دەرەکییەکان کە لەکەسی دژ و بەدکاردا بەرجەستە دەبێت و دەبێتە هاندەر بۆ درێژەپێدانی ســکریپتەکە. هەروەها مۆتیف و پالنەرە ناوەکەییەکان ، کەئەمەش وابەســتەیە بەو کێشە ناوەکییانەی پاڵەوانەکە بەبەردەوامی پەرچەکرداری لێ دەکەوێتەوە.

پاڵەوان دەکەوێتە سەر لێواری مەرگ و ژیان... وەك پێشترباسم کرد دروستکردنی هاوسۆزی زۆر گرنگە کاتێك کە پاڵەوان دەکەوێتە بارودۆخێکی ناهەموار و هاوســـەنگی تێکدەچێت و ڕووبەڕووی هەڵوێســـتێك دەبێتەوە کەزۆر ســـەختە ئاڵنگاری بکات، نموونەش زۆرن وەك مناڵبوون و ژنهێنان و جیابوونەوەو.. بێ لانەیی، مایەپووچبوون، نەخۆشی و ئالوودەبوون.. هتد.

## ململانێ- (کۆنفلیکت):

کێشەکان لە سکریپتدا هەمیشە دەکرێن بە دوو بەشەوە:



- ململانێی لاوەکی، هەموو ئەو کێشـــە و ململانێ بچووك و مامناوەندییانە دەگرێتەوە کە کارەکتەر دێتەبەردەمی بە شـــێوەی ڕاســـتەوخۆ یان ناڕاســـتەوخۆ لە ڕێگەی دژوەوە یان هەندێ کارەکتەری لایەنگری خۆی یان هەڵوێســـت و بارووددۆخی گشتی.

- ململانێی ستوونی یا سەرەکی ... ڕاستەوخۆ ئەو ململانێیانە دەگرێتەوە کە دژە پاڵەوان بۆی درووست دەکات یان باروودۆخی گشتی هەر لە سەرەتای سکریپتەکەوە روو دەدات بە یەک هێڵی سەرەکی تا دەگاتە کۆتای سکریپتەکە  کە دەبێتە بەربەست و درووستکردنی کێشە لە گەیشتنی بە ئامانجەکەی.



## پەیوەندییەکانی پاڵەوان

ڕەنگە گەورەترین هەڵە ئەوەبێت لە سکریپتدا کە پاڵەوان تەنیا بکەیت و هیچ پەیوەندیەکی نەبێت بە دەوروبەریەوە، بۆیە دەبێت هەمیشە پەیوەندیەکی سەرتاسەری هەبێت بەدژەکەیەوە، دژەکەی(کە دەکرێت کەسێک نەبێت بەڵکو باروودۆخی ژیان خۆی بێت) یان دووژمنەکەی دەبێت بەباشی دروست بکرێت بۆئەوەی ئەو هاوکێشەیە تەواو بکات لەسەرەتاوە تا کۆتایی.. کەرەسەیەکی تری ئەم پەیوەندییە،  بوونی چەند دەمەوانەیەکە یان دەرچەیەکە (وەک وەلفی مەنجەڵی هەڵمیین) پێویستە بوونی هەبێت بۆ ئەوەی ئەو پەیوەندییانەی پیادا تێپەر بێت  کاتێك کە پەیوەندییەکان درێژە دەخایەنن، بوونی  هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی پەستان و گووشار لە پەیوەندییەکاندا (نموونە، کەسێکی دژ یان لایەنگر بە درێژای هێڵی چیرۆکەکە هاودەمی پاڵەوان دەکات ، دەشێت ئەم پەیوەندییە لە کەلێنێکدا کۆتایی پێبهێنرێت لە خزمەتی چیرۆکەکەشدا بێت وەک پاڵنەری دەرەکی و ناوەکیش سوودی لێ ببینرێت). هەروەها بوونی ووتوێژی ئەخلاقی و ئاکاریی کەرەسەیەکی ترە بۆ بەرزکردنەوەی پەیوەندییەکان. هەبوونی چەند  لاوازیەک سەرەڕای بەهێزی پاڵەوانەکە زۆرگرنگە لەپەرەپێدانی پەیوەندییەکاندا. درووستکردنی دژەکان لەناو خوودی پاڵەوان زۆر گرنگە واتە پاڵەوان ئەبێت چەند سیفەتێکی دژی هەبێت تا پەیوەندییەکەی بەرەو ئاڕاستەیەک بڕوات. نموونە وەک کەلەڕەق سەرەڕای هەوڵ ودنیابینی .. دوا کەرەسەو توخمی پەیوەندی شوێن و جوگرافیایەکە ئەشێت پاڵەوان بەبەردەوامی لەو پەیوەندییەدا بسوڕێتەوە.

- شووێنی ڕووداوەکان، وەرزی بۆنەو نەریت، سروشت، کەش و هەوا هەندێك تێروانینی کلاسیکی هەیە بۆ کەشە سروشتییەکان و پەیوەندییەکانیان بۆ نموونە
  هەورە بروسکە: هۆگری و هەودابوون، تیرۆر، مردن.. هتد.

باران: :- دڵتەنگی، تەنیایی، بێزاری، لەباربوون، ڕۆمانسیەت
با :- پەرتبوون، تێکچوون.
تەم:- سەرلێ شێوان، پەنهانی" نادیاری و ئاڵۆزی
خۆر:- دڵخۆشی، ئازادی، گەندەڵی، باوەڕی شاراوە.. هتد
بەفر:- نووستن، مردن، پاکژی و هێمنی، کپبوون
- چۆڵەوانی: پاڵەوانێکی باڵا
- گوند: پاڵەوانێکی کلاسیکی
- شار: پاڵەوانێکی ئاسایی
- شارێکی ستەمکار: دژە پاڵەوانێک

بە کورتی :
- لەرێگەی ستراکتۆرەوە کارەکتەرەکەت کەشف دەبێت.
- پاڵەوان مەرجە کێشەی دەرەکی و ناوەکی هەبێت.
- قۆناغە کۆمەڵایەتییەکانی کارەکتەرەکەت ، ئەوە هەڵبژێرە کە دەگونجێت لەگەڵیدا
- ئەو حیکایەتخوانە بەجۆشەی کە لەناختدا گوزەر دەکات مەیکوژە و هەرگیز فەرامۆشی مەکە چوونکە زۆرت دەداتێ و بیرت فراوان دەکات .

# نووسینی دیمەن



دیمەنیش لە دووبەشی سەرەکی پێك دێت ، ئەوانیش دیالۆگ و ڕەشنووسە،وەک ووتمان ڕەشنووس زانیاریەکە وەسفی شوێن و کات و کردە دەکات لەگەڵ ناوی کارەکتەرکە، واباشترە کەمترین ڕەشنووس هەبێت وەك چۆن کەمتریین دیالۆگیشیت هەبێت.

**ڕێکاری بنچینەیی نووسینی دیمەن:**

- ئەوە بنووسە کە دەیبینیت لەسەر سکرین نەك ئەوەی لە مێشکتدا هەیە، ئەمە یەکێکە لە گرفتی سکریپتنووسوکانی ئێمە زۆر جار ئەوی بە دەمی پێت دەڵێن لەسەر چیرۆکی

ســـکریپتەکە زۆر جوانترە لە خوێندنەوەی و بینینەوەی لەســـەر ســـکریین.  ئەمەوێت هەڵویستییەك بکەم لەسەر جیاوازی چیرۆکنووسی ئەدەبی و سکریپتنووس ، زمانی وەسف زیاتر کەرەســـەی چیرۆکەنووســـە بەڵام ســـکریپتنووس بەکردە بەشـــێکی بچووک یان نیشانەیەکی بچووک وێنە دەکات، هەروەها دەبێت دروستکردنی وێنە بێتە دەرەوەی خەیاڵ و مێشك، خوێنەری سکریپت ئەو وێنەیە لە رەشنوسدا درووست بکات نەك خوێنەرەکەی خەیاڵ دروســـت بکات بۆ وەســـفی بارودۆخەکە  وەک لە چیرۆکدا هەیە. ئەمەش بەئاراســـتەکردنی زمانی نووســـین دروســـت دەبێت بۆنموونە ناڵێین کاروان خەمۆکی هەیە چونکە نیشانەکانی خەمۆکی زۆرن ، زۆرجار خوێنەر بەوشێوەیە وەریدەگرێ، کە لە مێشکی خۆیدایە و وێنەی خۆی بۆ درووســـت دەکات، دەڵێن کاروان شـــانەکانی داتەپیوە و چاوی لەزەوییە.. بۆیە ئەو نوســـەرەی کە بیرۆکەکەی زۆربخاتە ناو ســـکریپتەوە ئەوە واباشـــترە ئیشـــکەی بکاتە رۆمان نەك ســـیناریۆ.. وەک ئەوەی ئالان پارکەر کردی لە ٢٠٠٣ ڕۆمانی (The Sucker'sKiss) دا، ســـەرەتا وەک ســـکریپت دەســـتی پێکردوو ووتی نەمتوانی وەک سکریپتنووس بەرداوام بم لەگەڵیدا بۆیە کردمە ڕۆمان.

- **کاری ســـەرەکی ســـکریپت** : وەســـفکردنی ئاکشـــن وکردەیە وەك ئەوەی چۆن لەســـەر سکرین دەردەکەوێت، بۆنموونە نەنوسیت کاروان و نێرگز بەگەرموگوڕی لەسەر جێگەن، بەڵکو بنوسی کاروان ڕاکشاوە نێرگز دەستی لەسەر سنگی کاروان  داناوە و کاروانیش دەستی لەسەردەموچاوی نێرگزە.
- **زیادەڕۆیی مەکە لە نووسین**.. کێشەی نووسەری ئێمە ئەوەیە کە دەیەوێت زۆر بلێت و هەموو شـتێك جێگابکاتەوەو، مەنووسـە کاروان قاچی چەپی لەسـەر قاچی ڕاسـتی داناوە لەسـەر کوورسـیەکی تەختە دانیشـتووە، قاوە ئەخواتەوە، قاوەکەش لەدەسـتی ڕاسـتیەوە دەخاتە دەستی چەپی و ڕەنگی کوپەکە سپی و گوڵدارە، دەیەوێت قاوەکە بخواتەوە یەکسەر زەنگی تەلەفون لێ دەدات.. ئەتوانیت بە کورتی بنوسـە کاروان لەسـەر کوورسـیەکە جێ بەخۆی ناگرێ ، کە **زەنگی** تەلەفوون لێ دەدات قاوەکە دەپرژێنێت لە دەستی.
- **هەر دیمەنێك دەبێت وەك سکریپتەکە سەرەتا و ناوەراست و کۆتایی هەبێت،** نەك ســـەرەتاو ناوەراســـتی بۆدروســـت بکەین ، ئێمەی خوێنەر و بینەر هەر چاوەڕێ کۆتایی بینین، چونکە ئەمە بەلارێمان دەبات و دادەپچڕێین لە هێڵی درامێکە..

## میتۆدو رێکاری نووسینی دیمەنێك

ســـكرييتنووس دەبێت ئەم بەرچاوڕونیانەی هەبێت كاتێك دەیەوێت دیمەنێك گەلاڵە بكات، بۆیە واباشترە ئەم خاڵانە پەیڕەو بكات وەک هێڵكارییەک بۆ خۆی:

- ژمارەی دیمەن
- كۆتایی دیمەنی پێشوو
- کێ لە دیمەنەکەدایە
- بیرۆكەی دیمەنەكە بۆنموونە( كاروان و نێرگز جیادەبنەوە)
- ئامانجی سەرەکی كارەكتەری پاڵەوان(كاروان دەیەوێت داوای هاوسەرگیری بكات).
- كۆتایی دیمەنەكە(نێرگز، ڕای لێ نابێت).
- كێشـــەكە چییە؟. ( نێرگز دەمێكە چاوەڕوانی ئەوەیە كاروان بێتەخوازبێنی بەڵام كاروان زۆر درەنگ داوای هاوسەرگیری لێكرد).
- خاڵی وەرچەرخان( كاروان ئەڵقەیەك پیشانی نێرگز دەدات).

## چەند ڕێكارێك بۆكارهێنانی فێڵی تەنكیكی و ڕەشنوسی سەركەوتوو:

١-**ئەكشـــن وكردە**: ئەكشــن/ كردە پێكهاتەیەکی بنچینەییە دەكەوێتە نێوان دایالۆگ و یان چەند دیالۆگێكەوە، بۆیە واباشترە ئەكشن بنوسیت نەك وەسـف( وەسـف زیاتر دەكەوێتە ناو نوســینی ئەدەبیاتەوە)، ئەكشــن وا لەســتافی بەرهەمێهن دەكات بیزوێن و هەریەك لای خۆی دیدی خۆی بكاتە سەری و هاوبەشی زیاتر دروست ببێت.

٢- **ئامازەبەخشـــین و زانیاری**:ئەو شــتانە بەكاربهێنە كە دەتباتە ســەر زانیاری نوێ تر.. واتە چەند نووسینێك هەڵبژێرە كە زانیاری بەخشبن وە لەمەوە زانیاری زیاتر بدات لەپێشاندانی بارو دۆخێكی دیاریكراو.. بۆنموونە ســیمای ژورێك وێنە بكە كە زانیاری تەواوت دەداتێ لەســـەر كارەكتەرەكەت، ژورێك دووئینجانەی جوان و چەند كتێبێكی ریزكراوی تێدایە لەســـەر مێزێك لەگەڵ چاویلكەیەك.. یان ژورێك نیو كوپ قاوەو تەپڵەكێكی پڕ لە فلتەری جگەرەی لەســـەرە، چەند پەرەكاغەزێكی لولكراو بڵاوبۆتەوە لەسەر مێزەكە..

٣-**جوڵەكان وێنە بكە**:هەمیشـــە كەمترین وەســـف بەكاربێنە لەكردەو جوڵەكاندا واتە جوڵەو كردە ئاوێتە بكە، لە جیاتی وەسـفكردنی یان كەمترین بەكارهێنانی ووشـەی وەسفی، ئەبێت ئەم سێ خاڵە پەیرەو بكرێت لە ڕەشنووسدا ( ژمارەی دیمەن، چ كاتێكە لە ڕۆژ یان شەو، لۆكەیشن و ناسینی كارەكتەر، چی ڕوودەدات...).

نموونە( لە ژوورێكدا ، ڕۆژە، كاروان ، نوقمی كۆمەڵە فایلێكی كۆن و بێ سوود بووە).

٤- **ڕێسای زمان نووسین** : كە دەبێت زۆر سادە بێت ، زمانی خوێندكارێكی ناوەندی ئاسا بێت ووشەی قورس و زاراوەی ئاڵۆزی تێدا بەكار نەهێنرابێت.

٥-**فرمانی لاواز**: واز لەبەکارهێنانی زمانی لاواز بێنە بۆنموونە: کاروان دەچێتە ژوورەکەی، (چوون )کردارێکی گشتی یە چەندەها ووشەمان هەیە گوزارشت لە چوون بکات وەك ڕاکردن، بازدان، خۆهاویشتن، قایمکردن، خزان، دزەکردن، ڕاکێشان، تێ تەقاندن، قەڵەمباز.. هتد.
٦-**بەکارهینانی زاراوەی دینامیکی وئیکۆنۆمی**..واز لەبەکارهێنانی دەیەها ووشـــە بێنە، کە بتەوێت مانا بەرهەم بهێنت ، بۆیە دەتوانیت بە دووو ووشـــە هەمان مانا بگەیەنێت، وەك دەڵێن بەبەردێك دوو چۆلەکە بپێکە یان (خير الكلام ما قل و دل)..
٧-وەك ریکلام بنووســـە. وەك دەوترێت ئیکۆنۆمی کردن لە ووشـــەدا خۆی بەربەســـتە بەڵام بەربەستێکی داهێنەرانەیە، چەند ووشەیەکی کەم بەکاربهێنە کە ئاماژەن بۆ شتی تر وەك ئەوەی لە ڕیکلامدا پەیرەو دەکرێت.
٨- **هەسـت واڵا بکە:** واتە پەردە لەسـەر هەسـتی دیمەن پەخشـان بکە، هەسـتی دیمەنەکە بدۆزەرەوە بۆئەوەی هەســت بە ڕووداوەکە بکەین ، نەك شــتەکان چۆن دەبینرێ بە بێ ڕۆح. نوسەری سکریپت دەبێت دەستنیشانی هەستەکان بکات ، دیمەنەکە چ هەستێکت دەداتی، بۆنموونە بنوسە( دەرەوە، شارێکی جەنگەڵستان.. ئێوارە، داروپەردووی ڕوخاوی شارێیکی نوێ، بینای دارمان ، ســـوتانی ســـەیارە، ڕیکلامی دوکانەکان شـــێواوە.. تەلی پچراوی دارتێلی کارەبا، شۆرتی کارەبا، وەك قیامەت وایە).
٩-**واز لە شـــیعریەت بێنە لە نووســـیندا** : بەواتای واز لە وێنەی ئەدەبی و وەزن و قافیەو ئەجناس و ووشە هاودەنگەکان و کەرەسەی جوانکاری بهێنە، تۆ ناتەوێت زمان جوان بکەیت بەڵکو دەتەوێت **نووســین** و ســکریپتەکەت پیشــان بدەیت، ئەمانە دەبنە هۆی بەلادابردنی خوێنەری سکریپتەکەت، کاری تۆ بۆ ئەوەیە خوێنەر ئاوێتەی سکریپت و دیمەنەکەت بکەیت نەك وەستایەتی خۆت لە ووشەسازیدا پیشان بدەیت.
١٠- **ڕێکاری چوار ڕستەیی**: ڕەشنوسەکە نابێت درێژ تر بێت لە چوار ڕستە، خۆ ئەگەر کەمتر بێت زۆر باشــترە ، گەر ئاکشــنت زۆربوون ئەوا واباشــترە فێڵێك بەکاربهێنیت ، ئەویش دانانی دیالۆگ لەدوای چوارەم ڕســتەوە. خۆئەگەر ســکریپتەکەت دیالۆگی کەم بوو دەتوانێت (دەنگی پڕکەرەوە و گوزارشتیی دەنگی بەکاربهێنیت).
١١- **ســتایڵی پەڕەکانت**:.. باپەرەکانت ئاســان بخوێنرێتەوە و ســەرنج ڕاکێشــن بن، دەتوانیت گەشە بە ستایڵی خۆت بدەیت لە نووسینی ڕەشنووسدا.
١٢-**کارەکتەر**... ڕەنگە قەت نەتوانیت بگەیت بە وەسـفی کارەکتەری خۆت بۆیە ئەو پرسـیارە لە خۆت بکە ، ئایا بەسێ ووشە ئەتوانم کارەکتەرەکەم وەسف بکەم ( کاروان.. ناکەس بەچە... پاڵەوانی شەوان.... سەردەستە).
١٣- **فەرمانی راســـتەخۆی چالاك**... هەمیشـــە فەرمانی چالاك بەکار بێهنە بۆنمونە کاروان هەوڵ نادات لەسەر کورسیەکە دابنیشێت بەڵام لەسەر کورسیەکە دادەنێشێت ئەمە هەڵەیە

چونکە (هەوڵدان) ووشـــەیەکە ووزەی فرمانەکە  کەم دەکاتەوە و وا لە هێزی کاروان ئەکات ڕۆبچێت.

١٤-**ووشـەی نەزۆك تێپەڕێنە**... کاتێك ڕسـتەکەت تەواوکرد ئیتر بۆسـتە ووشـەی تر مەخەرە کۆتایی کە بتباتە سەر ڕستەیەکی نەوتراو و ڕستەی داهاتوو.. ڕستەکە کە تەواوبوو بۆستە.

١٥-**واز لە هەروەها وبەڵام بێنە**.. لە نووسـینی ڕەشـنوسـدا ئەم ووشـانە هەرگیز بەکارمەهێنە چونکە درێژدادرێ دەکەن .

١٦-**متمانە بەخۆت بێت**.....  یەکەمیان نەبوونی متمانەیە بە خۆت و دووەمیان داوخسـتن و خۆسەرقاڵکردن بۆیە زیاتر بخوێنەرەوە و ئەزموون بکە تا متمانەت بەخۆت هەبێت.

تەنها یەك سکریپت مەنووسە وتەواو ئیتر... بەردەوام بە وپەیوەندییەکانت بەهێز بکە.. ئەبێت بزانیت چی لەو نووسینەت ئەکەیت کە تەواوت کرد  هاوبەشی پێ بکە، ڕەنگە بتوانیت لەسەر تۆرەکان بڵاوی بکەیتەوە. هەرگیز دەست مەنێ بەڕووی کەسەوە، گەر داوات لێکرا بنووسە بە مەرجێک لە بیرووباوەڕی خۆت لا نەدەیت.

١٧- **تامەزرۆمان بکە**.. بۆ ئەوەی تامەزۆرمان بکەیت هەر پەڕەیەکی سـکریپتەکەت پێویسـتە وەك درامایەکی سـەربەخۆ بنوسـیت و خوێنەر تووشی خرۆشـان بکەیت، و ووزەی زیاتری خوێندنەوەت بداتێ.

١٨- **ووشە چنینی و مۆنتاژکردن**... گەر هەستت کرد زیادەرۆیت لە نووسینەکەت دا کردووە ئـەوە هـەڵـدەگرێ کە کورتی بکـەیتـەوە. نەک تەنهـا زۆر وەك کەم وایـە، بەڵکو ڕەوتی نووسینەکەت دەشێوێنێت. زۆر هاورێمان هەبووە دڵی نەهاتووە دیمەنێک لە نووسینەکەی لا بدات لە بەر زۆر هۆکار، بۆیە لە دواییدا زیادە ڕۆی درووسـتکردووە و ئاقاری سکریپتەکەی بەلارێدا بردووە.



## دیالۆگ.. وێنەیەك بارتەقای هەزارەها ووشەیە

دەبێـت دانـانی دیـالۆگ دوا قۆنـاغی کـارکردنـت بێـت، لـەدوای تەواوکردنی ڕشـــەنووسی ســـکریپتەکەت.. ئەمەش هۆکاری خۆی هـەیە کە باسی لێوە دەکـەم.. کە چوارچێوەی ســـکریپتـەکـەت تەواوکرد بەووردی کار لەسەر دیالۆگ بکە.

وێنەیەك بارتەقای هەزارەها ووشــەیە.. بۆیە نابێت دیالۆگ دووبارە باســکردنەوەی ئاکشـــن بێت.. کە ئاکشـــنت هەبوو ، با دیالۆگ دووبارە باسی ئاکشـــنەکەت نەکاتەوە ،. شـــتێکمان پێ مەڵێ کە بینیومانە..

سێ خاڵ گرنگە لە دیالۆگدا ، ئەویش ئەوەیە با کارەکتەرەکەت قسە بکات نەك بینەرەکەت، و چیرۆکەکەت نەهاژوێت، هەمیشـــە باکارەکتەرەکانت هەڵگری نهێنینەیەکی خۆیان بن ڕەنگە دیالۆگ گوزارشت لەوە بکات.

**کاتێك دیالۆگ دەنوسیت ڕەچاوی ئەم مەرجانە بکە:**

١-دراسـەی کارەکتەر: هەر کارەکتەرێکت لە مێشـکی خۆتدا نەخشـاندبێت دەبێت بواری ئەوە بدەیت لە مێشکی خۆتدا پرسیاریان لێ بکەیت و قسەیان بۆ بکەیت لەدەرەوەی سکریپتەکەت، گـەرنـەتوانیت وەڵامیـان بـدەیتـەوە ئـەوا بـەباشی کارکتـەرەکانـت نـەنـاســیوە لـەبـەرئـەوە کارەکتەرەکانت بناسە.

٢- ســکیچی دیمەنەکەت هەبێت.. چونکە دەبێت بزانیت هاتنە ناوەوە وچوونە دەرەوەی کارەکتەرەکانت کەیە و بۆچی..

٣- هـەڵپێچانـەوە و هـەڵگـەڕانـەوەی چیرۆکـەکـەت.. دەبێت زۆر ڕوون بێت لات، کاتێك کـە ڕووداوکانت هەڵپێچینەوەی تیا دەکەیت..

٤-لیســتی کارەکتەرەکانت ... دەبێت بزانیت چ کارەکتەرێك هەیە لە دیمەنەکەدا و هۆکارەکان چین و سیاقەکانت چین.

٥- جیاواز قســـەکردن... نابێت کەس لە کەس بچێت لە قســـەکردندا و زۆر وەك کەم وایە.. رۆڵی بچووك نیە لە قسەکردندا هەمووی قورسایی خۆی هەیە.

٦- نابێت زۆر بەئاســـانی ئەوەی لە مێشـــکی کارەکتەکانتدایە بیدرکێنیت.. چونکە نابێت بەراستەوخۆی قسە بکات.

٧-ڤۆیس ئۆڤەر... نابێت ڤۆیس ئۆڤەر ئەوە بڵێت کە دەبینن یان دووبارەکردنەوەی تیا بێت.

٨-شەڕانگێزی دەبێت بەزمانی شیرین قسە بکات:

هەندێ نووسـەری نوێ کە دەست بە نووسـینی سکریپت دەکەن، دیالۆگی پاڵەوانی باش وەك هەنگوین دەنوسـن و کەســە دژە شــەڕخوازەکەش وەك ژەهر قســەدەکات، ئەمە نابێت زۆر پەیرەو بکرێت. بۆ نموونە ڕەنگە واباشـــتر بێت کردەی پاڵەوان زۆر مرۆڤانە بێت و دایەلۆگ جۆرێك گاڵتەجاری پێوە بێت وە هەروەها کارەکتەری دژ بەباشی قســـە بکات ، بەڵام کردەکانی شەڕاگێزانە بێت.


سوودم لەم سەرچاوانە وەرگرتووە:

- کۆرسی زانکۆی نۆتینگهام لە سینەمای برۆدوای
- Raindance Writers' Lab: Write + Sell the Hot Screenplay, Elliot Grove
- How to write great dialogm Iinoldraft.com
- Raindance Writers' Lab: Write + Sell the Hot Screenpla , Elliot Grove